# کاتێکیزمی شاری نوێ

## ٥٢ پرسیار و وەڵامی کورت
## بۆ فێربوونی بنەماکانی کتێبی پیرۆز



# کاتێکیزمی شاری نوێ

## ٥٢ پرسیار و وەڵامی کورت

## بۆ فێربوونی بنەماکانی کتێبی پیرۆز

# The New City Catechism

## 52 Questions and Short Answers for learning the foundations of the Bible

Translated with permission from

Crossway Publishing

٢٠٢٦ چاپکراوە لە هەولێر

ژمارەی چاپ: یەکەم

جۆری کتێب: ئاینی

ژمارەی سپاردن: ٦٤٥

هەموو ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز لە چاپی کتێبی پیرۆز
وەشانی کوردیی سۆرانی ستاندەر (KSS) وەرگیراوە. مافی
چاپکردنی لە لایەن ڕێکخراوی بلیکاوە پارێزراوە

(١٩٩٨، ٢٠١١، ٢٠١٦، ٢٠٢٠).

دڵسۆزی

dilsozi.com

دابینکردنی سەرچاوە بۆ یارمەتیدانی باوەڕداران و کڵێساکان
بۆ ژیان بە دڵسۆزی بەگوێرەی کتێبی پیرۆز

# پێشەکی

جارێک ئەی دەبلیو تۆزەر گوتی: ئەوەی ئێمە باوەڕمان پێیەتی دەربارەی خودا گرنگترین شتە لەبارەی ئێمەوە. باوەڕمان سەبارەت بە خودا ئەوە دیاری دەکات کە ئایا ژیانی هەتاهەتایی لە بەهەشتدا بەسەر دەبەین یان لە دۆزەخدا. ئەوەی ئێمە باوەڕمان پێیەتی دەربارەی خودا کاریگەری لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتنمان هەیە لەبارەی جیهان و ژیانکردنمان تێیدا. ئێمە ئازادین کە تێڕوانینی خۆمان سەبارەت بە خودا لە مێشکماندا دروست بکەین، بەڵام مانای ئەوە نییە تێڕوانینەکەمان ڕاست بێت. دەبێت خودا وەک خۆی، بەو جۆرەی کە هەیە بناسین، و نابێت تەنها باوەڕ بە بیرۆکەی درووستکراوی خۆمان بکەین سەبارەت بە خودا. کەواتە چۆن خودای ڕاستەقینە بناسین؟ دەبێت گوێ لەو شتانە بگرین کە پێی گوتووین.

خودا قسەی لەگەڵ کردووین و لە کتێبی پیرۆزدا خۆی بۆمان دەرخستووە. خودا کتێبی پیرۆزی پێداوین تا بتوانین ئەو بناسین وەک منداڵێک باوکیان دەناسێت. ئینجیل وەڵامی گەورەترین پرسیارەکانی ژیان دەداتەوە

وەک: خودا کێیە؟ بۆچی من بوونم هەیە؟ عیسا کێیە و عیسا بۆچی هاتووە؟ چۆن گوناهەکانم دەبەخشرێن؟

بەڵام کتێبی پیرۆز کتێبێکی گەورەیە و دەکرێت فێربوونی پەیامی سەرەکی کتێبی پیرۆز و وەڵامەکانی بۆ ئەم پرسیارانە قورس بێت. ئەم کتێبە بۆ ئەوە نووسراوە کە یارمەتی خەڵک بدات لە پەیامی سەرەکی کتێبی پیرۆز تێبگەن، کە بەرەو ژیانی هەتاهەتایی دەمانبات.

## کاتێکسیزم چییە؟

زۆرێک لە کڵێساکان "بەیاننامەی باوەڕ"یان هەیە کە بیروباوەڕیان دەخاتە ڕوو. لە ڕابردوودا زۆرێک لەو بەڵگەنامانە لە شێوەی پرسیار و وەڵامدا دەنووسران، و پێیان دەگوترا "کاتێکیزم" (بە واتای "فێرکردن بە شێوەی زارەکی" دێت). "کاتێکیزم" کۆمەڵێک پرسیار و وەڵامی کورتە کە مەبەست لێی فێربوون و لەبەرکردنە لەگەڵ کەسانی دیکە بۆ ئەوەی فێری پەیامی کتێبی پیرۆزمان بکات. کاتێکیزمی هایدلبێرگ لە ساڵی ١٥٦٣ و کاتێکیزمە کورت و درێژەکانی وێستمینستەر لە ساڵی ١٦٤٨ لە باشترین و ناسراوترین کاتێکیزمەکانن و وەک ستانداردی

فێرکاری زۆرێک لە کڵێساکانی ئەمڕۆی جیهاندا بەکاردەهێنرێن.

## فێرکردنی خواناسی بە بەکارهێنانی پرسیار و وەڵام

فێرکردنی بنەمای کتێبی پیرۆز لە ڕێگەی پرسیار و وەڵامەوە لەمڕۆدا زۆر باو نییە. زۆربەی پرۆگرامەکانی بە قوتابیکردن جەخت لەسەر کۆمەڵێک شت دەکەنەوە، وەک خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، نوێژ، هاوڕێیەتی و مزگێنیدان. هەندێکجار ناتوانن  قووڵ بن کاتێک باس لە فێرکاری خواناسی و فێرکارییە سەرەکییەکانی کتێبی پیرۆز دەکرێت. لەبەرکردنی  کاتێکیزمێک فیرکاری جوان و ئینجیلیی لە قووڵایی دڵمادا دەچێنێت.

فێربوونی کاتێکیزم بە مەبەستی ئەوەیە لەگەڵ باوەڕدارانی تردا ئەنجام بدرێت. بێگومان دەتوانیت بە تەنیا کاتێکیزمێک فێر بیت و بخوێنیتەوە. بەڵام ژیانی باوەڕداران بریتییە نییە لە بەتەنها ژیان. بوون بە باوەڕدارێکی پێگەیشتوو بوون پەیوەندی بەوەوە نییە کە چەندە زانیاری دەربارەی کتێبی پیرۆز دەزانیت. بەڵکو پەیوەندی بە خۆشەویستیتەوە هەیە بۆ عیسا و بۆ ئەوانی تر. بە دڵنیاییەوە فێربوون و تێگەیشتن لە

فێرکارییەکانی کتێبی پیرۆز بەشێکی گرنگە لە بوون بە باوەڕدارێکی پێگەیشتوو. بەڵام فێربوونی خواناسیی بەبێ خۆشویستنی ئەوانی تر هیچ سوودێکی نییە. یەکەم یۆحەنا ٤: ٢٠ دەڵێت: "ئەگەر یەکێک گوتی: «خودام خۆشدەوێت» و ڕقی لە خوشکی یان براکەی بێتەوە، ئەوە درۆزنە، چونکە ئەوەی خوشک و برای خۆی خۆشنەوێت کە بینیویەتی، ناتوانێت خودای خۆشبوێ کە نەیبینیوە."

پراکتیزەکردنی پرسیارکردن و وەڵامدانەوە، ڕاهێنەران و خوێندکاران دەهێنێتە ناو پرۆسەیەکی فێربوون کە کارلێککار و سەرنجڕاکێشە. فێرکردن لە ڕێگەی پرسیار و وەڵامەوە کەمتر تاکگەراییە و زیاتر کۆمەڵگەراییە. دایک و باوک دەتوانن بەم شێوەیە منداڵەکانیان فێر بکەن. ڕابەرانی کڵێسا دەتوانن بە کاتێکیزمی کورتتر و سادەتر ئەندامان فێر بکەن و رابەرانی تریش بە کاتێکیزمی فراوانتر. دەتوانرێت ئەم پرسیار و وەڵامانە لە کۆبوونەوەکانی پەرستشی کڵێساشدا بەکاربهێنرێت، کە کڵێسا وەک جەستەیەک دان بە باوەڕەکەیدا دەنێت و بە ستایش وەڵامی خودا دەداتەوە.

## نووسینی کاتێکزم لە پێناوی چی؟

ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر باو بوو کە کڵێساکان کاتێکیزم بنووسن لە پێناو فێرکردنی ئەندامەکانیان لەبارەی باوەڕی مەسیحی. بۆ نموونە قەشەیەک بە ناوی ڕیچارد باکستەر کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا لە ئینگلتەرا خزمەتی دەکرد، ویستی بە شێوەیەکی سیستماتیکی سەرۆکی خێزانەکان ڕابهێنێت بۆ ئەوەی گەشە بە ئەندامانی خێزانەکانیان بدەن لە باوەڕدا. بۆ ئەوەی ئەمە بکات، کاتێکیزمێکی خێزانی نووسی کە لەگەڵ تێگەیشتن و دۆخی خەڵکی ئەوکات گونجاوبوو، کە لە ڕێگەیەوە فێرکارییەکانی کتێبی پیرۆزی خستەڕوو بۆ زۆرێک لەو پرس و پرسیارانەی کە خەڵکەکە لەو کاتەدا ڕووبەڕووی دەبوونەوە.

کاتێکیزمەکان بەلایەنی کەمەوە بە سێ مەبەست نووسراون.

١- یەکەمیان ئەوە بوو کە ڕوونکردنەوەیەکی گشتگیر لەبارەی ئینجیلەوە بخرێتەڕوو - نەک تەنها بۆ ئەوەی بە

ڕوونی ڕوون بکرێتەوە کە ئینجیل چییە، بەڵکو بۆ پیشاندانی ئەو بناغەیەی کە ئینجیلی لەسەر دامەزراوە، وەک فێرکاری ئینجیلی لەبارەی خودا، سروشتی مرۆڤ، گوناه و باوەڕ.

٢- مەبەستی دووەم ئەوە بوو کە ئەم فێرکردنە بە شێوەیەک ئەنجام بدرێت کە هەڵە و باوەڕە ناڕاستەکانی ئەو سەردەم و کولتوورە چارەسەر بکرێن و بەرپەرچ بدرێنەوە.

٣- ئامانجی سێیەم کە گرنگترین ئامانجە لەلایەن قەشەکان، ئامانج بوو بۆ دروستکردنی گەلێکی پیرۆز، کۆمەڵگەیەک کە کولتوورێکی جیاوازی هەبێت لەو جیهانەی تێیدا دەژیان، هەوڵدان بۆ ژیانێک وەک ژیانی مەسیح، ئەمیش نەک تەنها لە کارەکتەری تاکەکەسیدا بەڵکو لە ژیانی کۆمەڵایەتی کڵێساشدا ڕەنگدانەوەی هەبێت.

کاتێک ئەم سێ مەبەستە پێکەوە سەیر دەکرێن، ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە بۆچی دەبێت کاتێکیزمی نوێ

بنووسرێت. لەگەڵ گۆڕانی کولتووردا، ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئینجیلی نەگۆڕیش دەگۆڕێت. ئەندامانی کڵێسا دەبێ هەمیشە ئامادە بن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پرسیارانە و وەڵامدانەوەیان.

هیوادارم کە ئەم کاتێکیزمە هانی کوردان بدات بۆ نووسینی کاتێکیزمێکی تر کە پرسیاری تایبەت لەخۆی بگرێت کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگای کوردی بێت، لە پێناو یارمەتیدانی باوەڕدارانی کورد لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

## پێکهاتەی کاتێکیزمی شاری نوێ

کاتێکیزمی شاری نوێ لەسەر بنەمای چەندین کاتێکیزمی تری پرۆتستانتی وەرگیراوە و نووسراوە کە لە سەدەی ١٦ و ١٧ لە سەردەمی چاکسازی پرۆتستانتیدا نووسراون. پەیامی سەرەکی مەسیحییەت کورت دەکاتەوە کە بۆ چەندین سەدە بە درێژایی مێژوو لەلایەن کڵیسای ڕاستەقینەوە بەکارهێنراون.

کاتێکیزمی شاری نوێ تەنها ٥٢ پرسیار و وەڵام لەخۆدەگرێت (زۆرێک لە کاتێکیزمەکانی تر زیاتر لە ١٠٠ پرسیار و وەڵام لەخۆدەگرن). بۆیە بۆ هەر هەفتەیەک لە ساڵێکدا تەنها یەک پرسیار و وەڵام هەیە. دابەشکراوە

بەسەر سێ بەشدا بۆ ئەوەی فێربوون و تێگەیشتن ئاسانتر بێت:

- بەشی یەکەم: خودا، دروستکردن و کەوتن، شەریعەت
- بەشی دووەم: مەسیح، ڕزگاربوون، نیعمەت
- بەشی سێیەم: ڕۆح، نوێبوونەوە، گەشەکردن لە نیعمەتدا

بۆ هەر پرسیارێک دوو جۆر وەڵام هەیە. یەکێکیان وەڵامی گەورەساڵانە، و ئەوی دیکەیان وەڵامی منداڵانە. ئەم کتێبە تەنها وەڵامی گەورەساڵان لەخۆدەگرێت. بەڵام لە ماڵپەڕی dilsozi.com دەتوانیت وەڵامی منداڵانیش بدۆزیتەوە. وەڵامی منداڵان وەڵامێکی کورتکراوەیە تا ئەوان بتوانن ئاسانتر لەبەری بکەن.

هەر پرسیار و وەڵامێک ئایەتێکی کتێبی پیرۆز لەگەڵ دایە. ئەو ئایەتەی کە لەگەڵ پرسیار و وەڵامێکی تایبەت هاتووە، تاکە ئایەت نییە لە کتێبی پیرۆزدا کە باس لەو پرسیار و وەڵامە بکات. ئایەتەکە هەمیشە وەڵامی وردی پرسیارەکان ناداتەوە. بەڵکو ئەوە یارمەتیدەرمانە بۆ ئەوەی بزانین وەڵامەکە لە کتێبی پیرۆزەوە هاتووە. هەروەها ئەمە هۆکارێکیشە تا هەمیشە

سەیری فەرمانەکانی خودا بکەین بۆ ئاراستەکردنمان و سەرچاوەی ژیان و ژیریمان.

بێ گومان دەتوانرا کتێبێکی تەواو لەسەر هەر پرسیارێک بنووسرێت. بەڵام مەبەست لەم کاتێکیزمە ئەوەیە کە وەڵامی کورتی پرسیارەکان بداتەوە تا بە ئاسانی لەبەربکرێن.

## چۆنێتی بەکارهێنانی کاتێکیزمی شاری نوێ

ئاسانترین ڕێگا بۆ بەکارهێنانی کاتێکیزمی شاری نوێ ئەوەیە کە لە هەر هەفتەیەکی ساڵدا یەک پرسیار و وەڵام لەبەر بکەیت. لەبەر ئەوەی مەبەست لێی دیالۆگییە، باشتر وایە بە دوو بە دوو، یان وەک ئەندامانی خێزان، یان وەک گروپی خوێندن فێری ببن، ئەمەش وا دەکات پرسیارەکان لە یەکتر بکەن و یەکتر تاقی بکەنەوە.

بۆ نموونە گروپەکان دەتوانن بڕیار بدەن پێنج بۆ دە خولەکی سەرەتای کاتی خوێندنەکەیان بەیەکەوە تەنها یەک بە یەک پرسیار و وەڵام بەسەر ببەن. بەم شێوەیە دەتوانن لە ماوەی ساڵێکدا کاتێکیزمەکە تەواو بکەن.

هەروەها ئەم کاتێکیزمە سەرچاوەیەکی باشە بۆ بەکارهێنان لە کۆبوونەوەکانی پەرستش لە کڵێسادا. پرسیار و وەڵامەکان گونجاون بۆ بەکارهێنانیان وەک بانگەواز و وەڵام لە کۆبوونەوەکەدا. رابەری کڵێسا دەتوانێت پرسیارەکە بخوێنێتەوە، بەشداربووانیش پێکەوە دەتوانن وەڵام بدەنەوە بە خوێندنەوەی وەڵامەکە بە دەنگی بەرز. بەم شێوەیە کڵێسا لە کاتی پەرستنی گشتیدا پێکەوە دان بە ڕاستییەکانی ئینجیلدا دەنێت.

هەروەها سەرچاوەیەکی زۆر باشە بۆ دایکان و باوکان کە بەکاری بهێنن بۆ فێرکردنی منداڵەکانیان. بۆ نموونە لە کاتی نانخواردنی ئێوارەدا باوکێک یان دایکێک دەتوانێت یەکێک لە پرسیارەکان لە منداڵەکانی بکات و فێریشیان بکات کە وەڵامەکە لەبەر بکات. بە ئەزموونی من منداڵان زۆر حەز بە وەڵامدانەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە دەکەن. هەموو شەوێک کە کاتی ئەوە هات منداڵەکانم بخەمە سەر جێگا، یەک پرسیاریان لێ دەکەم، یارمەتیان دەدەم لە وەڵامدانەوە و ئەو ئایەتە دەخوێنمەوە کە لەگەڵ وەڵامەکەدا هاتووە. پاشان گۆرانی ڕۆحی دەڵێینەوە و بە دوعایەک بۆ خودا بەپێی ئەو

ئایەتە کۆتاییی پێدەهێنین. کاتێکیزمەکان سەرچاوەیەکی گەورەن بۆ ئەم کاتی پەرستن لە ناو خێزاندا.

## ئامۆژگاری لەبەرکردن

ڕێگەی جۆراوجۆر هەن بۆ جێگیرکردنی دەقەکان بە بیرەوەرییەوە، هەندێک تەکنیک باشتر لەگەڵ هەندێک شێوازی فێربووندا دەگونجێێن بەبەراورد بە هەندێکی تر. چەند نموونەیەک بریتین لە:

- پرسیار و وەڵامەکە بە دەنگی بەرز بخوێنەوە، و دووبارەی بکەوە، دووبارەی بکەوە، دووبارەی بکەوە.

- پرسیار و وەڵامەکە بە دەنگی بەرز بخوێنەوە، و پاشان هەوڵبدە بەبێ سەیرکردن دووبارەیان بکەیتەوە. بە هەمان شێوە چەند جارێک ئەمە دووبارە بکەوە.

- هەموو پرسیار و وەڵامەکانی بەشی یەکەم بە دەنگی خۆت تۆمار بکە، (پاشان بەشی دووەم، پاشان بەشی سێیەم) و ڕۆژانە گوێیان لێ بگرە کاتێک دەچیتە سەر کارەکەت، یان کاتێک لە

پارکێک پیاسە دەکەیت، یان کاتێک کارەکانی ماڵەوە ئەنجام دەدەیت.

- پرسیار و وەڵامەکان لەسەر کارتێک یان پارچە کاغەزی بچووک بنووسە و بە تێپ لەو شوێنەی بدە کە بەردەوام دەکەوێتە بەرچاوانت، هەر جارێک کە دەیانبینیت بە دەنگی بەرز بیانخوێنەوە.
- پرسیار و وەڵامەکە بنووسە. ئەمە چەندجارێک دووبارە بکەوە. چونکە پڕۆسەی نووسین یارمەتی توانای مرۆڤ دەدات بۆ وەبیرهاتنەوەی دەقەکان.
- یەکتر تاقی بکەنەوە بە پرسیارکردن لە یەکتر.

## ئەنجام

دوعا دەکەم کە بەکارهێنانی ئەم کاتێکیزمە یارمەتیمان بدات تا وشەی خودا "بە دەوڵەمەندی لە ئێمەدا نیشتەجێ بێت" (بڕوانە کۆلۆسی ٣: ١٦). داوا لە خودا دەکەم کە خۆی و ئەندامانی تری کڵێسامان خۆشبوێت وەک چۆن مەسیح خۆشی ویستووین.

## بەشی یەکەم

خودا، درووستکراوان و

کەوتن، شەریعەت

(پرسیارەکان ١ - ٢٠)



---

## بەشی دووەم

مەسیح، ڕزگاری، نیعمەت

(پرسیارەکان ٢١ - ٣٥)



---

## بەشی سێیەم

ڕۆح، نوێبوونەوە،

گەشەکردن لە نیعمەتدا

(پرسیارەکان ٣٦ - ٥٢)



# بەشی یەکەم

## خودا

## درووستکراوان و کەوتن

## شەریعەت

(پرسیارەکان ١ - ٢٠)



# ١. تاکە هیوامان بە ژیان و مردن چییە؟

کە ئێمە هی خۆمان نین، بەڵکو ئێمە بە جەستە و ڕۆحمان هی خودا و ڕزگارکەرەکەمانین کە عیسای مەسیحە، چ لە ژیان و چ لە مردندا.

ڕۆما ١٤: ٧ - ٨

لەبەر ئەوەی کەسمان بۆ خۆی ناژییێت، کەسیش بۆ خۆی نامرێت. لەبەر ئەوەی ئەگەر بژین بۆ مەسیحی خاوەن شکۆ دەژین، ئەگەر بشمرین لە پێناوی ئەو دەمرین. کەواتە بژین یان بمرین، ئێمە هی مەسیحین.

## ٢. خودا کێیە؟

خودا دروستکەر و ژیان پێدەری هەموو کەسێک و هەموو شتێکە. ئەو (ئەزەلی و ئەبەدی) هەمیشەیی و بێکۆتایە و نەگۆڕە لە هێز و کاملبوونی و چاکە و شکۆمەندی و دانایی و دادپەروەری و ڕاستییەکەیدا. هیچ شتێک ڕوونادات تەنها لە ڕێگەی ئەو و بە ویستی ئەوەوە نەبێت.

زەبوورەکان ٨٦: ٨ - ١٠، ١٥

ئەی پەروەردگار، کوا هاوشێوەی تۆ لەنێو خوداوەندەکان؟ کوا هاوشێوەی کردەوەکانت؟ ئەی پەروەردگار، هەموو ئەو نەتەوانەی دروستت کردوون، دێن و لەبەردەم تۆدا کڕنۆش دەبەن و ناوت شکۆدار دەکەن. چونکە تۆ مەزنیت و کاری سەرسوڕهێنەری گەورەت کردووە، هەر تەنها تۆ خودایت. بەڵام ئەی پەروەردگار، تۆ خودایەکی میهرەبان و بەزەییداریت، پشوودرێژیت و پڕیت لە خۆشەویستی نەگۆڕ و دڵسۆزی.

# ٣. چەند خودا هەیە؟

تەنها یەک خودای ڕاستەقینە هەیە، کە لە ئەزەلەوە لە سێ کەسی جیاواز بوونی هەیە: باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز. هەر یەک لەوانە خودان و لە دەسەڵات و شکۆمەندیدا یەکسانن.

دووەم کۆرنسۆس ١٣: ١٤

با نیعمەتی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ و خۆشەویستی خودا و هاوبەشی ڕۆحی پیرۆز لەگەڵ هەمووتان بێت.



## ٤. چۆن و بۆچی خودا ئێمەی دروست کردووە؟

خودا ئێمەی نێر و مێی لەسەر وێنەی خۆی دروست کردووە بۆ ئەوەی بیناسین و خۆشمان بوێت و لەگەڵیدا بژین و ناوی بەرز و بە شکۆوە رابگرین. ئێمە لەلایەن خوداوە دروستکراوین تا بۆ شکۆمەندی ئەو بژین.

پەیدابوون ١: ٢٧

خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا، لەسەر وێنەی خودی خۆی بەدیهێنا، بە نێر و مێ بەدیهێنان.



## ٥. خودا چی تری دروست کردووە؟

خودا بە وشە بەهێزەکەی هەموو شتێکی دروست کردووە، هەموو دروستکراوەکانی زۆر باش بوون؛ هەموو شتێک لە ژێر دەسەڵاتی خۆشەویستی ئەودا گەشە دەکات.

پەیدابوون ١: ٣١

خودا بینی هەموو ئەوەی کە دروستی کردبوو زۆر باش بوو. جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی شەشەم بوو.

# ٦. چۆن دەتوانین شکۆمەندی خودا دەربخەین؟

ئێمە شکۆمەندی خودا دەردەخەین بە خۆشویستن و متمانەکردن پێی، هەروەها بە گوێڕایەڵی کردنی ویست و فەرمان و شەریعەتەکەی.

دواوتار ١١: ١

یەزدانی پەروەردگارتان خۆشبوێت و خواست و فەرز و یاسا و فەرمانەکانی هەمیشە بەجێبهێنن.



# ٧. شەریعەتی خودا داوای چی دەکات؟

گوێڕایەڵبوونی کەسیی و گوێڕایەڵبوون بۆ کاملّی بە بەردەوامی؛ کە بە هەموو دڵ و گیان و بیر و هێزمان خودامان خۆش بوێت. هەروەها نزیکەکانمان وەک خۆمان خۆش بوێت. ئەوەی خودا قەدەغەی دەکات هەرگیز نابێت بکرێت و ئەوەی خوداش فەرمانی پێدەکات هەمیشە بکرێت.

مەتا ٢٢: ٣٧ - ٤٠

عیسا پێی فەرموو: (بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان و لە هەموو بیرتانەوە یەزدانی پەروەردگارتان خۆشبوێ.) ئەمە گرنگترین و یەکەم ڕاسپاردەیە. دووەمیشیان وەک ئەو وایە: (نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت.) جا هەموو تەورات و پێغەمبەران بەم دوو ڕاسپاردەیەوە بەندن.»



## ٨. شەریعەتی خودا کە لە دە ڕاسپاردەکەدا هاتووە چییە؟

خودای دیکەی بێجگە لە منتان نەبێت. بت بۆ خۆتان دروستمەکەن، نە لە هیچ شێوەیەکی ئەوانەی لە ئاسمانن لە سەرەوە، نە ئەوانەی لەسەر زەوین لە خوارەوە، نە ئەوانەی لەناو ئاون لەژێر زەوییەوە. کڕنۆشیان بۆ مەبەن و مەیانپەرستن. ناوی یەزدانی پەروەردگارتان بۆ شتی پووچ مەهێنن. ڕۆژی شەممەتان لە یاد بێت، تاکو بە پیرۆزی ڕایبگرن. ڕێزی دایک و باوکتان بگرن. مەکوژن. داوێنپیسی مەکەن. دزی مەکەن. بە درۆ شایەتی لەسەر کەس مەدەن. چاو مەبڕنە ماڵی کەس.

دەرچوون ٢٠: ٣

هیچ کەسێکتان خودای دیکەی بێجگە لە منتان نەبێت.

## ٩. خودا لە فەرمانی یەکەم و دووەم و سێیەمدا داوای چی دەکات؟



یەکەم: خودا وەک تاکە خودای ڕاست و زیندوو بناسین و متمانەمان پێی هەبێ.

دووەم: خۆمان لە هەموو بت پەرستییەک بەدوور بگرین و بە شێوەیەکی نادرووستیش خودا نەپەرستین.

سێیەم: ئێمە بە ترس و ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ ناوی خودا بکەین، و ڕێز لە وشە و کارەکانی بگرین.

دواوتار ٦: ١٣ - ١٤

لە یەزدانی پەروەردگارتان دەترسن و تەنها ئەو دەپەرستن و بە ناوی ئەوەوە سوێند دەخۆن. بەدوای خودای دیکەدا مەڕۆن، لە خوداوەندەکانی ئەو نەتەوانەی لە دەوروبەرتانن



## ١٠. خودا له فەرمانی چوارەم و پێنجەمدا داوای چی دەکات؟

چوارەم: له ڕۆژی شەممەدا کات بەسەر ببەین بۆ پەرستنی خودا بە گشتی و بە تایبەت، پشوودان لە کاروبارەکانی هەفتە، خزمەتکردن بە پەروەردگار و ئەوانی تر، بەم شێوەیە چاوەڕێی شەممەی هەمیشەیی (هەتاهەتایی) دەکەین.

پێنجەم: ئێمە باوک و دایکمان خۆشبوێت و ڕێزیان لێبگرین، ملکەچ و گوێڕایەڵی پەروەردە و ڕێنمایی خودایی ئەوان بین.

لێڤییەکان ١٩: ٣

هەر یەکێک لە ئێوە، دەبێت ڕێزی دایک و باوکی خۆی بگرێت و شەممەکانم بپارێزن، من یەزدانی پەروەردگارتانم.

## ١١. خودا لە فەرمانی شەشەم و حەوتەم و هەشتەمدا داوای چی دەکات؟

شەشەم: ئێمە ئازاری هیچ کەسێک نەدەین، و ڕقمان لێیان نەبێت، و دوژمنایەتی نزیکەکانمان نەکەین، بەڵکو دەبێت ئارامگر و ئاشتیخواز بین. تەنانەت دەبێ بە خۆشەویستیشەوە بەدوای دوژمنەکانماندا بگەڕێین. حەوتەم: خۆمان لە بەدڕەوشتی بەدوور بگرین و بە پاکی و بە دڵسۆزی بژین، جا لە ژیانی هاوسەرگیریدا بێت یان پێش هاوسەرگیری. هەروەها دوور بکەوینەوە لە هەموو کردار و نیگا و قسە و بیرکردنەوە و ئارەزوو و هەرچییەک کە ببێتە هۆی دروستبوونی ناپاکی. هەشتەم: ئێمە بێ مۆڵەت ئەو شتانە وەرنەگرین کە هی کەسێکی ترە، هەروەها ئەو شتانەش لای خۆمان هەڵنەگرین و تەنها بۆ خۆمان قۆرخی نەکەین کە سوود بە کەسانی تر دەگەیەنێت، پێیوستە لەو شتانە ببەخشین. ئەمە شتی ماددی و نامادی دەگرێتەوە، وەک؛ کەلوپەل و خۆشەویستی و سۆز و ئاشتی.

ڕۆما ١٣: ٩

ڕاسپاردەکانی وەک داوێنپیسی مەکەن، مەکوژن، دزی مەکەن، چاو مەبڕنە هیچ شتێک کە هی کەسێکی دیکە بێت و ڕاسپاردەی دیکەش لەم ڕاسپاردەیەدا کۆدەبنەوە: نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت.

## ١٢. خودا لە فەرمانی نۆیەم و دەیەمدا داوای چی دەکات؟



نۆیەم: درۆ نەکەین و کەس فریو نەدەین، بەڵکو بە خۆشەویستییەوە باسی ڕاستی بکەین.

دەیەم: ڕازی بین بەوەی کە هەمانە، ئیرەیی بە کەس نەبەین و نارەزایی دەرنەبڕین بەوەی کە خودا بە ئێمەی بەخشیوە و ئەوەشی کە بە ئەوانی تری بەخشیوە!

یاقوب ٢: ٨

ئەگەر بەڕاستی شەریعەتی شاهانەتان هێناوەتە دی کە بەگوێرەی نووسراوە پیرۆزەکە دەڵێ: نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت، چاک دەکەن.



## ١٣. ئایا هیچ کەسێک دەتوانێت بە تەواوی گوێڕایەڵی شەریعەتی خودا بێت؟

لە دوای یەکەم کەوتنە گوناهەوە لەلایەن ئادەم و حەوا، هیچ مرۆڤێک نەیتوانیوە بە تەواوی گوێڕایەڵی شەریعەتی خودا بێت، بەڵکو بەردەوام لە بیرکردنەوە و قسە و کرداردا دەیشکێنێت.

ڕۆما ٣: ١٠ - ١٢

کەس بێتاوان نییە، تەنانەت یەک کەسیش، کەس نییە تێبگات، کەس نییە بەدوای خودا بگەڕێت. هەموو ڕوویان وەرگێڕا و تێکڕا بێ سوود بوون. کەس نییە چاکە بکات، تەنانەت یەکێکیش نییە.



## ١٤. ئایا خودا ئێمەی دروست کردووە کە نەتوانین گوێڕایەڵی شەریعەتی بین؟

نەخێر، بەڵام بەهۆی سەرپێچی دایک و باوکی یەکەممان، ئادەم و حەوا، هەموو دروستکراوەکان کەوتوون و لەژێر باری گوناهدان؛ هەمووومان لە گوناه و تاواندا لەدایک بووین، ئێمە لە سرووشتی خۆماندا خراپین و ناتوانین گوێڕایەڵی شەریعەتی خودا بین.

ڕۆما ٥: ١٢

لەبەر ئەمە، چۆن لە ڕێگەی مرۆڤێکەوە گوناه هاتە جیهان، لە ڕێگەی گوناهیشەوە مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد.



## ١٥. مادام کەس ناتوانێت گوێڕایەڵی شەریعەتی خودا بێت، کەوایە مەبەستەکەی چییە؟

بۆ ئەوەی سروشتی پیرۆز و ویستی خودا و سروشتی گوناه و یاخیبوونی دڵەکانمان بزانین، کەوایە بۆ ئەمەش پێویستمان بە ڕزگارکەرێک هەیە. هەروەها شەریعەتی خودا فێرمان دەکات و هانمان دەدات بۆ ئەوەی ژیانێکی شایستە وەک ژیانی ڕزگارکەرەکەمان بژین.

ڕۆما ٣: ٢٠

بە کرداری شەریعەت کەس لەلای خودا بێتاوان نابێت، بەڵکو گوناه لە ڕێگەی شەریعەتەوە دەناسرێت.



## ١٦. گوناه چییه؟

گوناه بریتییه لە ڕەتکردنەوە یان پشتگوێ خستنی خودا لەو جیهانەی کە دروستی کردووە، یاخیبوونە لە دژی خودا بەبێ گرنگیدان بە خودا. هەروەها ئەنجامنەدانی ئەوەی کە خودا لە شەریعەتیدا داوای دەکات، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی مردنمان و لەناوچوونی هەموو دروستکراوان.

یەکەم یۆحەنا ٣: ٤

هەرکەسێک گوناه بکات سەرپێچی دەکات، چونکە گوناه سەرپێچییە.



## ١٧. بتپەرستی چییە؟

بتپەرستی بریتییە لە متمانەکردن بە شتە دروستکراوەکان نەک بە خولقێنەر بۆ هیوا و بەختەوەری و گرنگی و ئاسایشمان.

ڕۆما ١: ٢١، ٢٥

لەگەڵ ئەوەی کە خودایان ناسی، بەڵام وەک خودا ستایشیان نەکرد و سوپاسیان نەکرد، بەڵکو لە بیرکردنەوەیان پووچەڵ بوون و دڵە گێلەکانیان تاریک بوو. [...] ئەوانەی ڕاستی خودایان بە درۆ گۆڕییەوە و بەدیهێنراویان پەرست و خزمەتیان کرد لە جیاتی بەدیهێنەر، ئەوەی هەتاهەتایە ستایش بۆ ئەوە. ئامین.



## ١٨. ئایا خودا ڕێگە دەدات سەرپێچی و بتپەرستیمان بێ سزا بمێنێتەوە؟

نەخێر، هەموو گوناهێک دژی سەروەری و پیرۆزی و چاکەی خودایە، هەروەها دژی شەریعەتە ڕاستودرووستەکەیەتی، خوداش لە گوناهەکانمان تووڕەیە و بە حوکمی دادپەروەرانەی خۆی سزای گوناهەکانمان دەدات هەم لەم ژیانەدا، هەم لە ژیانی داهاتوودا.

ئەفەسۆس ٥: ٥ - ٦

بێگومان بن لەوەی هەموو داوێنپیسێک یان گڵاو یان چاوچنۆکییەک لە شانشینی مەسیح و خودا میراتی نییە، چونکە چاوچنۆکی جۆرێک لە بتپەرستییە. کەس بە قسەی پووچ هەڵتاننەخەڵەتێنێ، چونکە بەهۆی ئەمانە تووڕەیی خودا دێتە سەر کوڕەکانی یاخیبوون.



## ١٩. ئایا هیچ ڕێگەیەک هەیە بۆ ڕزگاربوون لە سزا و گەڕانەوە بۆ ڕەزامەندی خودا؟

بەڵێ، رازی بوون بە دادپەروەرییەکەی، خودا بە رەحم و سۆزی خۆی لەگەڵ خۆی ئاشتمان دەکاتەوە و لە گوناه و لە سزای گوناه ڕزگارمان دەکات، ئەویش لەلایەن رزگارکەرێکەوە.

ئیشایا ٥٣: ١٠ - ١١

بەڵام خواستی یەزدان بوو وردوخاشی بکات و ئازار بکێشێت، لەگەڵ ئەوەشدا یەزدان ژیانی کرد بە قوربانی تاوان، نەوە و ڕۆژگاری درێژ دەبینێت، خواستی یەزدان بە دەستی ئەو سەردەکەوێت. لەدوای ئەو ئازارەی بەرگەی گرت، ڕووناکی ژیان دەبینێت و تێر دەبێت، بە زانینی بەندە ڕاستودروستەکەم زۆر کەس بێتاوان دەکات و ئەو تاوانەکانیان هەڵدەگرێت.



## ٢٠. رزگارکەر کێیە؟

تاکە رزگارکەر عیسای مەسیحی پەروەردگارە، کوڕی ئەزەلی خودا، کە بوو بە مرۆڤ و خۆی سزای گوناهی مرۆڤی لە ئەستۆ گرت.

یەکەم تیمۆساوس ٢: ٥

چونکە خودا یەکە و یەک ئاشتکەرەوە لەنێوان خودا و مرۆڤدایە، ئەویش عیسای مەسیحی مرۆڤە



# بەشی دووەم

## مەسیح، ڕزگاری، نیعمەت

## (پرسیارەکان ٢١ - ٣٥)



## ٢١. چ جۆرە رزگارکەرێک پێویستە بۆ ئەوەی ئێمە بگەڕێنێتەوە بۆ لای خودا؟

ڕزگارکەرێک کە بەڕاستی مرۆڤە و هەروەها بەڕاستی خودایە.

ئیشایا ٩: ٦

چونکە کوڕێکمان دەبێت، کوڕێکمان پێدەدرێت و سەرکردایەتی دەکەوێتە سەرشانی. ناوی لێ دەنرێت سەرسوڕهێنەر و ڕاوێژکار، خودای بە توانا، باوکی هەتاهەتایی، میری ئاشتی.



## ٢٢. بۆچی دەبێت رزگارکەر بەڕاستی مرۆڤ بێت؟

بۆ ئەوەی لە سروشتی مرۆڤدا لە جیاتی ئێمە بە تەواوی گوێڕایەڵی شەریعەتەکەی خودا بێت و سزای گوناهی مرۆڤ بچێژێت؛ هەروەها بۆ ئەوەی هاوخەمی لاوازییەکانمان بێت.

عیبرانییەکان ٢: ١٧

لەبەر ئەوە پێویست بوو لە هەموو ڕوویێکەوە لە خوشکان و برایانی بچێت تاکو ببێتە سەرۆک کاهینێکی بە بەزەیی و دڵسۆز لە خزمەتکردنی خودا، هەروەها ببێتە کەفارەت لە پێناوی گوناهەکانی خەڵک.

## ٢٣. بۆچی دەبێت رزگارکەر بەڕاستی خودا بێت؟

تاکو بەهۆی سروشتە خواییەکەیەوە گوێڕایەڵبوون و ئازارەکانی تەواو و کاریگەر بن؛ هەروەها تا بتوانێت بەرگەی تووڕەیی ڕاستودروستی خودا بگرێت لە دژی گوناه و لەگەڵ ئەوەشدا بەسەر مردندا زاڵ بێت.

کردار ٢: ٢٤

بەڵام خودا هەڵیستاندەوە و لە ئازاری مردن ئازادی کرد، لەبەر ئەوەی نەدەکرا لە چنگیدا بمێنێتەوە.



## ٢٤. بۆچی پێویست بوو مەسیحی رزگارکەر بمرێت؟

بەو پێیەی مردن سزای گوناهە، مەسیح بە ویست و خۆشی خۆی لە شوێنی ئێمەدا مرد بۆ ئەوەی لە هێز و سزای گوناه ڕزگارمان بکات و بمانگەڕێنێتەوە بۆ لای خودا. بە مردنەکەی لە جیاتی ئێمە وەک کەفارەتی گوناهەکانمان، ئەوا بە تەنیا مەسیح لە دۆزەخ ڕزگارمان دەکات و لێخۆشبوونی گوناە و ڕاستودروستی و ژیانی هەتاهەتایی بۆ ئێمە بەدەست دەهێنێت.

کۆلۆسی ١: ٢١ - ٢٢

ئێوە پێشتر لە خودا دابڕابوون و دوژمن بوون لە بیرکردنەوە بە خراپەکاری، بەڵام ئێستا بەهۆی جەستەی مرۆڤانەی مەسیح بە مردن ئاشتی کردنەوە، تاکو لەبەردەمی بە پیرۆزی و بێ لەکە و بێ گلەیی پێشکەشتان بکات



٢٥. ئایا مردنی مەسیح بەو مانایە دێت کە دەکرێ خودا لە هەموو گوناهەکانمان خۆش ببێت؟

بەڵێ، لەبەر ئەوەی مردنی مەسیح لەسەر خاچ بە تەواوی سزای گوناهەکانمانی داوە، خودا بە میهرەبانییەوە ڕاستودروستی مەسیح لەسەر ئێمە حیساب دەکات وەک ئەوەی کە هی خۆمان بێت و چیتر گوناهەکانمان وەبیر خۆی نەهێنێتەوە.

دووەم کۆرنسۆس ٥: ٢١

ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی ئێمە کردییە گوناە، تاکو بە یەکبوون لەگەڵ ئەو ببین بە ڕاستودروستی خودا.

## ٢٦. مردنی مەسیح چی تر دەکرێتەوە؟

مردنی مەسیح سەرەتای کڕینەوە و نوێبوونەوەی هەموو ئەو درووستکراوانەیە کە کەوتوون بەهۆی گوناهەوە، وەک چۆن بە هێزەوە هەموو شتەکان ئاراستە دەکات بۆ شکۆمەندی خۆی و چاکەی دروستکراوەکان.

کۆلۆسی ١: ١٩ - ٢٠

چونکە خودا خۆشحاڵ بوو بە هەموو پڕیی خۆی لە مەسیحدا نیشتەجێ بێت، لە ڕێگەی ئەوەوە هەموو شتێک لەگەڵ خۆیدا ئاشت بکاتەوە، بە خوێنی خاچەکەی ئاشتی بنێتەوە، ئەگەر لەسەر زەوی بێت یان لە ئاسمان.



٢٧. ئایا هەموو مرۆڤەکان، هەروەک چۆن لە ڕێگەی ئادەمەوە ون بوون، لە ڕێگەی مەسیحەوە ڕزگاریان بوو؟

نەخێر، تەنها ئەو کەسانەی کە لەلایەن خوداوە هەڵدەبژێردرێن و بە باوەڕ لەگەڵ مەسیح یەکدەگرن. سەرەڕای ئەوەش خودا بە میهرەبانی خۆی نیعمەتی گشتی نیشانی ئەوانەش دەدات کە هەڵنەبژێردراون، بە کۆنترۆڵکردنی کاریگەرییەکانی گوناه و فەراهەمکردنی شتی باش لە پێناو خۆشگوزەرانی مرۆڤ.

ڕۆما ٥: ١٧

ئەگەر بە گوناهی کەسێک، مردن لە ڕێگەی ئەو کەسەوە حوکمڕانی کرد، ئیتر چەند زیاتر ئەوانەی پڕیی نیعمەت و دیاری ڕاستودروستی وەردەگرن، لە ژیاندا حوکمڕانی دەکەن بە کەسێک کە عیسای مەسیحە.

## ٢٨. دوای مردن چی بەسەر ئەو کەسانەدا دێت کە بە باوەڕ لەگەڵ مەسیح یەکیان نەگرتووە؟



لە ڕۆژی دواییدا ئەو حوکمە ترسناک و دادپەروەرانە وەردەگرن کە لە دژی ئەوان ڕادەگەیەنرێت. لە حزووری خوداوە فڕێ دەدرێنە دۆزەخەوە، بۆ ئەوەی بە دادپەروەرانە و بە سەختی سزا بدرێن، بۆ هەمیشە.

یۆحەنا ٣: ١٦ - ١٨، ٣٦

لەبەر ئەوەی خودا ئەوەندە جیهانی خۆشویست، تەنانەت کوڕە تاقانەکەی بەختکرد، تاکو هەرکەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی هەبێت، چونکە خودا کوڕەکەی نەناردە جیهان تاکو جیهان حوکم بدات، بەڵکو تاکو جیهان بەهۆیەوە ڕزگاری ببێت. ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێت حوکم نادرێت، بەڵام ئەوەی باوەڕ ناهێنێت ئەوا حوکم دراوە، چونکە باوەڕی بە ناوی کوڕە تاقانەکەی خودا نەهێناوە. [...] ئەوەی باوەڕ بە کوڕەکە بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی هەیە. بەڵام ئەوەی گوێڕایەڵی کوڕەکە نییە ژیان نابینێت، بەڵکو تووڕەیی خودای لەسەر دەمێنێت.

## ٢٩. چۆن ڕزگارمان دەبێت؟

تەنها بە تۆبەکردن لە گوناه و باوەڕهێنان بە عیسای مەسیح و بە مردنەکەی لەسەر خاچ وەک کەفارەت؛ بۆیە هەرچەندە ئێمە تاوانبارین کە سەرپێچی خودامان کردووە و هێشتا مەیلی هەموو خراپەیەکمان هەیە، بەڵام خودا بەبێ ئەوەی شایستە بین بە نیعمەتێکی پاک ڕاستودروستی تەواوەتی مەسیحمان بۆ حیساب دەکات، کاتێک تۆبە دەکەین و باوەڕی پێدەهێنین.

ئەفەسۆس ٢: ٨ - ٩

لەبەر ئەوەی بە نیعمەت ڕزگارتان بوو لە ڕێگەی باوەڕەوە، ئەمەش لە خۆتانەوە نییە، بەڵکو دیاری خودایە، بە کردار نییە، تاکو کەس شانازی نەکات



## ٣٠. باوەڕ بە عیسای مەسیح چییە؟

باوەڕ بە عیسای مەسیح بریتییە لە دانپێدانان بە ڕاستی هەموو ئەو شتانەی کە خودا لە وشەکەیدا ئاشکرای کردووە، متمانەکردن بەو، هەروەها وەرگرتن و حەسانەوە بە تەنیا لە ڕێگەی ئەوەوە بۆ ڕزگاربوون وەک چۆن لە مزگێنی پێشکەشمان کراوە.

گەلاتیا ٢: ٢٠

من لەگەڵ مەسیح لە خاچ درام، ئیتر من نیم ئەوەی دەژییێت، بەڵکو مەسیحە لە مندا دەژییێت. ئێستاش کەوا بە جەستە دەژیم، ئەوا بە باوەڕ بە کوڕی خودا دەژیم، ئەوەی منی خۆشویست و خۆی کردە قوربانی بۆ من.

# ٣١. ئێمە بە باوەڕی ڕاستەقینە باوەڕمان بە چی هەیە؟

هەموو شتێک کە ئینجیل فێرمان دەکات. بەیاننامەی باوەڕی نێردراوان[1] بەم وشانە دەریدەخات کە ئێمە باوەڕمان بە چی هەیە: باوەڕم هەیە بە خودا، کە باوکی هەرەبەتوانا و دروستکەری ئاسمان و زەوییە. باوەڕم هەیە بە عیسای مەسیح، کە ڕۆڵە تاقانەکەیەتی و پەروەردگارمانە، ئەوەی لە ڕۆحی پیرۆزەوە و لە مریەمی پاکیزە لەدایک بوو، لە ژێر دەسەڵاتی پیلاتۆسی پۆنتی ئازاری چەشت، لەخاچ درا، گیانی سپارد و دواتر نێژرا؛ لە ڕۆژی سێیەم لەنێو مردوواندا هەستایەوە؛ ئینجا بۆ ئاسمان بەرزبووەوە و لە دەستەڕاستی باوک دانیشت و لە ڕۆژی دواییدا دێتەوە تاکو حوکم بەسەر زیندووان و مردوواندا بدات. هەروەرها باوەڕم هەیە بە ڕۆحی پیرۆز، کڵێسای پیرۆزی جیهانی[2]، ژیانی هاوبەشی باوەڕداران، لێخۆشبوونی گوناە، زیندووبوونەوەی جەستە و ژیانی هەتاهەتایی. ئامین.

یەهوزا ٣ - خۆشەویستان، هەرچەندە زۆر بە پەرۆش بووم تاکو لەبارەی ڕزگاریی هاوبەشمانەوە بۆتان بنووسم، بەڵام بە پێویستم زانی ئەمەتان بۆ بنووسم، لێتان دەپاڕێمەوە تێبکۆشن بۆ ئەو باوەڕەی کە تەنها جارێک دراوەتە دەست گەلی پیرۆزی خودا.

---

[1] بەیاننامەی باوەڕی نێردراوان (The Apostles' Creed)

[2] کڵێسای گشتی جیهانی (The universal church) واتا هەموو گەلی پیرۆزی خودا لە تەواوی مێژوو و لە سەرانسەری جیهاندا.

## ٣٢. بێتاوانکردن و پیرۆزکردن مانای چییە؟

بێتاوانکردن واتە ڕاستودروستی ڕاگەیەندراومان لەبەردەم خودادا، کە بەهۆی مردن و زیندووبوونەوەی مەسیحەوە دەستمان دەکەوێت. پیرۆزکردن واتە وردەوردە گەشەکردنی ڕاستودروستی ئێمە، کە بەهۆی کاری ڕۆحی پیرۆزەوە لە ئێمەدا درووست دەبێت.

یەکەم پەترۆس ١: ١ - ٢

لە پەترۆسی نێردراوی عیسای مەسیحەوە، بۆ ئەوانەی خودا هەڵیبژاردوون، بێگانە پەراگەندەکان لە پۆنتۆس و گەلاتیا و کەپەدۆکیا و ئاسیا و بیسینیا، بەگوێرەی زانینی پێشووی خودای باوک هەڵبژێردراون، بە پیرۆزکردنی ڕۆحی خۆی بۆ گوێڕایەڵی عیسای مەسیح و پرژاندنی خوێنەکەی: با نیعمەت و ئاشتیتان بۆ زیاد بێت.

## ٣٣. ئایا ئەوانەی باوەڕیان بە مەسیح هەیە لە ڕێگەی کارەکانی خۆیانەوە بەدوای ڕزگاری خۆیاندا بگەڕێن، یانیش لە هەر شوێنێکی تر؟

نەخێر، نابێت، چونکە هەموو شتێکی پێویست بۆ ڕزگاربوون لە مەسیحدا دەدۆزرێتەوە. گەڕان بەدوای ڕزگاریدا لە ڕێگەی کارە باشەکانەوە بە مانای نکوڵیکردن دێت لەوەی کە مەسیح تاکە کەسە دەتکرێتەوە و ڕزگارت دەکات.

گەلاتیا ٢: ١٦

دەزانین مرۆڤ بە کارکردن بە شەریعەت بێتاوان ناکرێ، بەڵکو بە باوەڕ بە عیسای مەسیح. جا ئێمە باوەڕمان بە عیسای مەسیح هێنا تاکو بە باوەڕ بە مەسیح بێتاوان بکرێین، ئەمەش نەک بە کارکردن بە شەریعەت، چونکە لە ڕێی کارکردن بە شەریعەت کەس بێتاوان ناکرێت.

٣٤. بەو پێیەی ئێمە تەنها بە نیعمەت ڕزگارمان بووە، تەنها لە ڕێگەی مەسیحەوە، ئایا دەبێت هێشتا کاری باش بکەین و گوێڕایەڵی قسەی خودا بین؟

بەڵێ، چونکە مەسیح بە خوێنی خۆی ڕزگاری کردین، بە ڕۆحی خۆی نوێمان دەکاتەوە. بۆ ئەوەی ژیانمان خۆشەویستی و سوپاسگوزاری بۆ خودا نیشان بدات؛ بۆ ئەوەی بە میوە و بەرهەمی باوەڕ لە باوەڕمان دڵنیا بین؛ هەروەها بۆ ئەوەی بە ڕەفتاری خودایی کەسانی دیکە بۆ لای مەسیح بانگهێشت بکەین.

یەکەم پەترۆس ٢: ٩ - ١٢

بەڵام ئێوە گەلێکی هەڵبژێردراون، کاهینییێتی شاهانە، نەتەوەیەکی پیرۆز، گەلی تایبەتی خودان، تاکو چاکییەکانی ئەوە ڕابگەیەنن کە بانگی کردوون لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکییە سەیرەکەی. پێشتر گەل نەبوون، بەڵام ئێستا گەلی خودان، پێشتر بەزەییتان وەرنەگرتبوو، بەڵام ئێستا بەزەییتان وەرگرت. خۆشەویستان، وەک نامۆ و بێگانە لێتان دەپاڕێمەوە لە هەوەسەکانی جەستە دوور بکەونەوە، کە لە دژی دەروون دەجەنگێت. با لەنێو بێباوەڕاندا ڕەوشتتان باش بێت، تاکو کاتێک بوختانتان پێ دەکەن گوایا ئێوە بەدکارن، کردەوە چاکەکانتان ببینن و لە ڕۆژی بەسەرکردنەوەی خوداش ئەوان شکۆداری بکەن.



٣٥. بەو پێیەی ئێمە تەنها بە نیعمەت ڕزگارمان بووە، تەنها بە باوەڕ، ئەم باوەڕە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟

هەموو ئەو خەڵات و دیاریانەی لە مەسیحەوە وەریدەگرین لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە وەریدەگرین، بە خودی باوەڕیشەوە.

تیتۆس ٣: ٤ - ٦

بەڵام، کاتێک میهرەبانی خودای ڕزگارکەرمان و خۆشەویستییەکەی دەرکەوت، نەک بەهۆی کاری ڕاستودروست کە ئێمە کردوومانە، بەڵکو بە بەزەیی خۆی ڕزگاری کردین، ئەویش لە ڕێگەی ئەو شوشتنەوەیە بوو، کە بەهۆیەوە ڕۆحی پیرۆز لەدایکبوونەوەیەکی نوێ و ژیانێکی نوێی پێ بەخشین، ئەوەی لە ڕێگەی عیسای مەسیحی ڕزگارکەرمان بە دڵفراوانی بەسەرمانیدا ڕشت

# بەشی سێیەم

## ڕۆح

## نوێبوونەوە

## گەشەکردن لە نیعمەتدا

(پرسیارەکان ٣٦ - ٥٢)



## ٣٦. ئێمە باوەڕمان بە چی هەیە دەربارەی ڕۆحی پیرۆز؟

ئەو خودایە، وەک باوک و کوڕ هەتاهەتاییە. خودا بە هەموو ئەوانەی دەبەخشێت کە باوەڕی پێ دەهێنن، و هیچ شتێک ناتوانێت لێیان وەربگرێتەوە.

یۆحەنا ١٤: ١٦ - ١٧

منیش داوا لە باوک دەکەم یارمەتیدەرێکی دیکەتان بداتێ کە هەتاهەتایە لەگەڵتان بمێنێتەوە، ڕۆحی ڕاستی، کە جیهان ناتوانێت وەریبگرێت، چونکە نایبینێت و نایناسێت. بەڵام ئێوە دەیناسن، چونکە لەگەڵتان دەمێنێتەوە و لەناو ئێوەدا دەبێت.



## ٣٧. ڕۆحی پیرۆز چۆن یارمەتیمان دەدات؟

ڕۆحی پیرۆز گوناهەکانمان مەحکوم دەکات، دڵنەواییمان دەکات، ڕێنماییمان دەکات، بەهرە ڕۆحییەکانمان پێدەبەخشێت، ئارەزووی گوێڕایەڵی خودامان پێدەبەخشێت؛ توانامان پێدەدات نوێژ بکەین و لە وشەی خودا تێبگەین.

ئەفەسۆس ٦: ١٧ - ١٨

هەروەها کڵاوی ئاسنینی ڕزگاری لەسەر بکەن و شمشێری ڕۆحی پیرۆز هەڵبگرن کە پەیامی خودایە. بە هەموو جۆرە نوێژێک و پاڕانەوەیەک، هەموو کاتێک لە ڕۆحی پیرۆزدا نوێژ بکەن، بۆ ئەمەش شەوارە بگرن بەوپەڕی بەردەوامی و پاڕانەوە بۆ تەواوی گەلی پیرۆزی خودا.



## ٣٨. نوێژ چییە؟

نوێژ بریتییە لە ڕشتنی ئەوەی لە دڵماندایە بۆ خودا لە ستایش و داواکردن و دانپێدانان بە گوناه و سوپاسگوزاری.

زەبوورەکان ٦٢: ٨

هۆ خەڵکینە، هەموو کاتێک پشت بەو ببەستن، دڵی خۆتانی لەبەردەم هەڵڕێژن، چونکە خودا پەناگای ئێمەیە.



# ٣٩. بە چ هەڵوێستێک نوێژ بکەین؟

بە خۆشەویستی و کۆڵنەدان و سوپاسگوزاری؛ بە ملکەچبوون بۆ ویستی خودا، دەزانین کە بەهۆی مەسیح، خودا هەمیشە گوێ لە دوعاکانمان دەگرێت.

فیلیپی ٤:٦

نیگەران مەبن، بەڵکو با لە هەموو شتێکدا داواکاریتان بە نوێژ و پاڕانەوە و سوپاسگوزارییەوە لەلای خودا زانراو بێت.

# ٤٠. نوێژ لەبارەی چی بکەین؟

هەموو وشەکانی خودا (واتە کتێبی پیرۆز) ئاراستەمان دەکات و ئیلهاممان دەداتێ بەوەی کە پێویستە نوێژ لەبارەی چی بکەین، لەوانە وەک ئەو دوعایەی عیسا خۆی فێری کردین.

ئەفەسۆس ٣: ١٤ - ٢١

لەبەر ئەمە چۆک بۆ باوک دادەدەم، ئەوەی هەموو خێزانێک لە ئاسمان و سەر زەوی بوونیان لە ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە. لێی دەپاڕێمەوە کە بەپێی دەوڵەمەندی شکۆی خۆی بەهێزتان بکات لە ڕێگەی ڕۆحەکەی کە لە ناختاندایە، تاکو بە باوەڕ مەسیح لە دڵتاندا نیشتەجێ بێت و ڕەگ و بناغەتان لە خۆشەویستیدا دابمەزرێت، تاکو توانادار بن، لەگەڵ تەواوی گەلی پیرۆزی خودا تێبگەن کە پانی و درێژی و بەرزی و قووڵی خۆشەویستی مەسیح چییە، تاکو ئەم خۆشەویستییە بناسن کە لە سەرووی زانیارییەوەیە، بۆ ئەوەی پڕبن لە هەموو پڕیێتی خودا. بۆ ئەو خودایەی توانادارە هەموو شتێک بکات زۆر زیاتر لەوەی کە داوای دەکەین یان بیری لێ دەکەینەوە، بەگوێرەی ئەو هێزەی کە تیاماندا کار دەکات، با نەوە لەدوای نەوە، خودا بۆ هەتاهەتایە لە کڵێسا و لە عیسای مەسیحدا شکۆدار بێت. ئامین.



# ٤١. نوێژی نموونەیی پەروەردگارمان چییە؟

ئەی باوکمان لە ئاسمان، با ناوت پیرۆز بێت، با پاشایەتییەکەت بێ، با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەک لە ئاسمان. نانی ڕۆژانەمان ئەمڕۆش بدەرێ. لە گوناهەکانمان خۆشبە، هەروەک ئێمەش لەوانە خۆشدەبین کە خراپەمان بەرامبەر دەکەن. مەمانخەرە تاقیکردنەوە، بەڵکو لە شەیتان ڕزگارمان بکە. چونکە هەتاهەتایە پاشایەتی و هێز و شکۆ هی تۆیە. ئامین.

مەتا ٦: ٩

بەڵام ئێوە بەم شێوەیە نوێژ بکەن و بڵێن: ”ئەی باوکمان لە ئاسمان، با ناوت پیرۆز بێت

## ٤٢. چۆن وشەکانی خودا بخوێنرێتەوە و بیبیسترێت؟

بە کۆشش و ئامادەکاری و دوعا؛ بۆ ئەوەی بە باوەڕەوە وەریبگرین و لە دڵماندا هەڵیبگرین و لە ژیانماندا جێبەجێی بکەین.

دووەم تیمۆساوس ٣: ١٦ - ١٧

هەموو نووسراوە پیرۆزەکان لە سروشتی خودان، سوودبەخشن بۆ فێرکردن و سەرزەنشت و ڕاستەڕێکردن و لێڕاهێنان لە ڕاستودروستی، تاکو پیاوی خودا تەواو ئامادە بێت بۆ هەموو کارێکی باش.



# ٤٣. ڕێوڕەسمە کڵێساییەکان چین؟

ئەو ڕێوڕەسمانەن کە لەلایەن خوداوە دراون و لەلایەن مەسیحەوە دامەزراون، وەک لە ئاوهەڵکێشان و نانلەتکردن (خوانی پەروەردگار)، ئەمانە نیشانە و مۆری بینراون کە ئێمە وەک کۆمەڵەی باوەڕداران بە مردن و زیندووبوونەوەی مەسیح بەیەکەوە بەستراوینەتەوە. بە ئەنجامدانی ئەوانە ڕۆحی پیرۆز بە تەواوی بەڵێنەکانی مزگێنی بۆ ڕادەگەیەنێت و مۆری دەکات.

ڕۆما ٦: ١٤

چیتر گوناە دەسەڵاتی بەسەرتاندا نابێت، چونکە لەژێر سایەی تەوراتدا نین، بەڵکو لەژێر سایەی نیعمەتدان.



## ٤٤. لەئاوهەڵکێشان چییە؟

لەئاوهەڵکێشان بریتییە لە نقومکردن و دەرهێنانەوەی باوەڕدارێک لە ئاودا بەناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز؛ ئەمە مۆر و ئاماژەیە بۆ لەخۆگرتنمان لەلایەن مەسیحەوە کە ئەمەش وەک نیشانەیەک وایە بۆ مردن و زیندووبوونەوەکەی، هەروەها نیشانەیە بۆ پاکبوونەوەمان لە گوناه، و پابەندبوونمان بە پەروەردگار و کڵێساکەی.

مەتا ٢٨: ١٩

کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن



## ٤٥. ئایا لەئاوهەڵکێشان خودی شووشتنی گوناهە؟

نەخێر، تەنها خوێنی مەسیح و نوێبوونەوە لە ڕۆحی پیرۆزدا دەتوانێت لە گوناه پاکمان بکاتەوە.

لۆقا ٣: ١٦

یەحیا وەڵامی هەمووانی دایەوە: «من لە ئاوتان هەڵدەکێشم، بەڵام یەکێک دێت لە من بەتواناترە، ئەوەی من شایانی ئەوە نیم کە قەیتانی پێڵاوەکانی بکەمەوە. ئەو لە ڕۆحی پیرۆز و لە ئاگرتان هەڵدەکێشێت.



# ٤٦. نانلەتکردن چییە؟

مەسیح فەرمانی بە هەموو باوەڕداران کرد کە نان بخۆن و لە جامەکە بخۆنەوە وەک یادی سوپاسگوزاری بۆ خۆی و مردنەکەی. نانلەتکردن ئاهەنگێکە بۆ ئامادەبوونی خودا لە ناوماندا؛ دەمانکات بە یەک لەگەڵ خودا و لەگەڵ یەکتریشدا؛ دەبێتە خۆراکی ڕۆحیمان. هەروەها پێشبینی ئەو ڕۆژە دەکات کە لەگەڵ مەسیح لە شانشینی باوکیدا دەخۆین و دەخۆینەوە.

یەکەم کۆرنسۆس ١١: ٢٣ - ٢٦

ئەوەی بە ئێوەم دا لە مەسیحی خاوەن شکۆم وەرگرتووە: ئەوە بوو عیسای خاوەن شکۆ لەو شەوەی تێیدا بە گرتن درا، نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد و لەتی کرد، فەرمووی: «ئەمە جەستەی منە کە لە پێناوی ئێوەیە. ئەمە بۆ یادکردنەوەی من بکەن.» بە هەمان شێوە پاش نانخواردن، جامەکەی هەڵگرت و فەرمووی: «ئەم جامە پەیمانی نوێیە بە خوێنی من. هەر جارێک دەیخۆنەوە، ئەمە بۆ یادکردنەوەی من بکەن.» جا هەر کاتێک لەم نانەتان خوارد و لەم جامەتان خواردەوە، ئەوا مردنی عیسای خاوەن شکۆ ڕادەگەیەنن، هەتا دێتەوە.



## ٤٧. ئایا نانلەتکردن هیچ شتێک زیاد دەکات بۆ کەفارەتەکەی مەسیح؟

نەخێر، مەسیح یەکجار بۆ هەمووان مرد. نانلەتکردن ژەمێکی پەیمانە کە بۆ کەفارەتەکەی مەسیح یاد دەکرێتەوە؛ وەک چۆن ڕێگایەکە بۆ بەهێزکردنی باوەڕمان کاتێک سەیری ئەو دەکەین، هەروەها ئاماژەیەکیشە بۆ بەشداری لە جەژنی داهاتوو. بەڵام ئەوانەی بە دڵی تۆبەنەکراو بەشداری دەکەن، حوکم لەسەر خۆیان دەخۆن و دەخۆنەوە.

یەکەم پەترۆس ٣: ١٨

لەبەر ئەوەی مەسیح تەنها جارێک لەبەر گوناە ئازار درا، بێتاوان لە پێناوی تاوانباران، تاکو لە خودامان نزیک بکاتەوە. خەڵک مەسیحیان کوشت بەڵام خودا بە ڕۆح زیندووی کردەوە



# ٤٨. کڵێسا چییە؟

خودا کۆمەڵگەیەک هەڵدەبژێرێت بۆ خۆی و دەیپارێزێت کە بۆ ژیانی هەتاهەتایی هەڵبژێردراوە و بە باوەڕ یەکگرتووە، کە پێکەوە خودایان خۆشدەوێت، شوێنی دەکەون، لێیەوە فێر دەبن و دەیپەرستن. خودا ئەم کۆمەڵگەیە دەنێرێت بۆ ئەوەی ئینجیل ڕابگەیەنن و شانشینی مەسیح پیشان بدەن بە جۆری پێکەوە ژیانیان و خۆشەویستییان بۆ یەکتر.

دووەم سالۆنیکی ٢: ١٣

بەڵام ئەی خوشک و برایانی خۆشەویستی مەسیحی خاوەن شکۆ، ئێمە دەبێت هەردەم لەبەر ئێوە سوپاسی خودا بکەین، چونکە خودا ئێوەی بە یەکەمین بەرهەم هەڵبژاردووە بۆ ڕزگاری بە پیرۆزکردنتان لەلایەن ڕۆحی پیرۆزەوە و باوەڕکردنی ڕاستی.



## ٤٩. ئێستا مەسیح لە کوێیە؟

مەسیح لە سێیەم ڕۆژی دوای مردنی بە جەستە لە گۆڕ هەڵسایەوە، ئێستا لە دەستە ڕاستی باوکەکە دانیشتووە و حوکمڕانی شانشینی خۆی دەکات و داکۆکیمان لێ دەکات، تا ئەو کاتەی کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حوکم بدات و هەموو جیهان نوێ بکاتەوە.

ئەفەسۆس ١: ٢٠ - ٢١

کە خودا بەکاریهێنا ئەو کاتەی کە مەسیحی لەنێو مردووان هەستاندەوە و لە دەستەڕاستی خۆی لە شوێنەکانی ئاسماندا داینا، لە سەرووی هەموو فەرمانڕەوا و حوکومڕان و هێز و دەسەڵاتێک و هەموو ئەوانەی ناویان هەیە، نەک تەنها لەم دنیایە، بەڵکو لەو دنیاش.



# ٥٠. زیندووبوونەوەی مەسیح بۆ ئێمە چی دەگەیەنێت؟

مەسیح بە زیندووبوونەوەی جەستەیی سەرکەوتنی بەسەر گوناه و مردندا بەدەستهێنا، بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی متمانەیان پێیەتی زیندوو ببنەوە بۆ ژیانێکی نوێ لەم جیهانەدا و بۆ ژیانی هەتاهەتاییش لە جیهانی داهاتوودا. وەک چۆن ڕۆژێک زیندوو دەبینەوە، بە هەمان شێوە ڕۆژێک ئەم دونیایەش نوێ دەبێتەوە. بەڵام ئەوانەی متمانەیان بە مەسیح نییە، بۆ لەناوچوونی هەتاهەتایی زیندوو دەکرێنەوە.

یەکەم سالۆنیکی ٤: ١٣ - ١٤
خوشکان، برایان، نامانەوێت سەبارەت بە نوستووان نەزان بن، تاکو وەک ئەوانەی دیکە خەمبار نەبن کە هیوایان نییە. لەبەر ئەوەی باوەڕمان بەوە هەیە کە عیسا مرد و هەستایەوە، بە هەمان شێوە باوەڕیشمان بەوە هەیە کە خودا ئەو باوەڕدارانە بۆ لای خۆی دەبات کە بە یەکبوون لەگەڵ عیسادا نوستوون.

## ٥١. بەرزبوونەوەی مەسیح بۆ ئێمە چ سوودێکی هەیە؟

مەسیح بە شێوەیەکی جەستەیی بۆ ئێمە بەرزبووەوە، هەروەک چۆن بە شێوەیەکی جەستەیی لە پێناوی ئێمە هاتە خوارەوە بۆ سەر زەوی، ئێستاش لەبەردەمی باوکیدا داکۆکیمان لێدەکات، و شوێنێکمان بۆ ئامادە دەکات، هەروەها ڕۆحی پیرۆزی خۆیمان بۆ دەنێرێت.

ڕۆما ٨: ٣٤

کێیە تاوانبار دەکات؟ کەس نییە. عیسای مەسیحە کە مرد، بەڵکو لەمەش زیاتر هەستێنرایەوە، هەر ئەویش لە دەستە ڕاستی خودایە و داکۆکیمان لێدەکات.



# ٥٢. ژیانی هەتاهەتایی چ هیوایەکمان پێ دەبەخشێت؟

ئەوەمان بیردەخاتەوە کە ئەم جیهانە کەوتووەی ئێستا تەنها شتێک نییە کە هەیە؛ بەم زووانە بۆ هەمیشە لەگەڵ خودادا دەژین و دڵخۆش و کامەران دەبین لەگەڵی لە شارە نوێیەکەدا، لە ئاسمانی نوێ و زەوی نوێدا، کە تێیدا بە تەواوی و بۆ هەتاهەتایە لە هەموو گوناهێک ڕزگار دەبین و وەک جەستەیەکی نوێ و زیندووبووەوە لە درووستکراوێکی نوێدا نیشتەجێ دەبین.

ئاشکراکردن ٢١: ١ - ٤

پاشان ئاسمانێکی نوێ و زەوییەکی نوێم بینی، چونکە ئاسمانی یەکەم و زەوی یەکەم بەسەرچوون، ئیتر دەریاش نەما. شارە پیرۆزەکەش، ئۆرشەلیمی نوێم بینی لە ئاسمانەوە لەلایەن خوداوە دەهاتە خوارەوە، وەک بووکێکی ڕازاوە بۆ زاوایەکەی ئامادە کرابێت. گوێم لە دەنگێکی گەورە بوو لە تەختەکەوە فەرمووی: «ئەوەتا نشینگەی خودا لەگەڵ خەڵک، ئەویش لەگەڵیان نیشتەجێ دەبێت. ئەوانیش دەبن بە گەلی ئەو، خودا خۆی لەگەڵیاندایە و دەبێتە خودای ئەوان. ئەویش هەموو فرمێسکێکی چاویان دەسڕێتەوە، ئیتر مردن نابێت، شیوەن و هاوار و ئازار نامێنن، چونکە شتەکانی پێشوو بەسەرچوون.»

وشەی "کاتێکیزم" یۆنانیە. بە واتای فێرکردن بە شێوەی زارەکی دێت. کاتێکیزم کۆمەڵێک پرسیار و وەڵامی کورتە کە مەبەست لێی فێربوون و لەبەرکردنە لەگەڵ کەسانی دیکە. کاتێکیزمی شاری نوێ ٥٢ پرسیار و وەڵام لەخۆدەگرێت بۆ فێربوونی بنەماکانی کتێبی پیرۆز. بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوە بۆ ئەوەی فێربوون و تێگەیشتن ئاسانتر بێت:

- بەشی یەکەم: خودا، درووستکراوان و کەوتن، شەریعەت
- بەشی دووەم: مەسیح، ڕزگاری، نیعمەت
- بەشی سێیەم: ڕۆح، نوێبوونەوە، گەشەکردن لە نیعمەتدا

دوعا دەکەم کە بەکارهێنانی ئەم کاتێکیزمە یارمەتیمان بدات تا پەیامی خودا "بە دەوڵەمەندی لە ئێمەدا نیشتەجێ بێت" (کۆلۆسی ٣: ١٦) و زیاتر خۆی و باوەڕدارانی تریشمان خۆش بوێ.

دڵسۆزی

دابینکردنی سەرچاوە بۆ یارمەتیدانی
باوەڕداران و کڵێساکان بۆ ژیان بە
دڵسۆزی بەگوێرەی کتێبی پیرۆز